**لەچاوەڕوانی ماچی دۆستدا**

ژاکا

سەر بەندەرە
ئێوارەیە و لەژێر دارەکە،
چاوم لەئاسۆی گەڕانەوەتە.
پێموابێ، خوێن زۆر گریاوو
بۆیە ئاسۆ وەها سوورە

ئەی دۆست،
دەمێکە یەکمان نەدیوە،
وتم:

دەترسم بشمرم
گەڕانەوەت نەبینمەوە

لەبیرم دێ
چاوت لەچاوانم بڕی.
وتت:

فریشتە نامرن.
وتت:

کاتێ قوتابخانە کرایەوە
دەگەڕێمەوە لات و
لەڕێگاوە دەتدزم! و
دوور لەچاوی هاوڕێکانت
ماچت دەکەم...

لەبیرمە
منیش بزەم هاتەسەر لێو
وتم: بەنیگام دەتکوژم
نێو چاوانم لێتێک نای و

وتم:
(چۆن دەهێڵم ماچم بکە ی؟!)

پێکەنی و دەستەکانمت گرتە دەست و

وتت: چاک دە هێڵی
(هێندە بیرم دەکەی، کەخۆت ئاوات دەخوازی بێمەوە و ماچت بکە م...)

قژمت گرت و بۆنت کرد و
ده ستت لەدەستم کردەوە!!!!
لەدوورەوە هاوارت کرد:
سێ دانە سی ڕۆژ ببژێری من دەبینی!!!
ئەی دۆست!
شەوقت بۆ ڕۆشتن چاوەکانتی داگرتبوو
ڕۆژی یەکەم
ڕۆژی دووەم
ڕۆژی حەوتەم دڵم پڕ بوو
چوومەوە جێگاکەی خۆمان
لەسەر لەشی ئەو دارەی
ئەو ناومان لەسەری هەڵکەند بوو
بەزۆر نووسیم:
ئەی دۆست
لەپڕ دەنگت هاتە گوێم و بەهاوار پێت وتم:
(سێ دانە سی ڕۆژ ببژێرە من دەبینی)
سی ڕۆژێک تێپەڕی و دوو سی ڕۆژ مابوو بێیتەوە
سی و یە ک ڕۆژ
سی و دوو ڕۆژ
سی و حە وتە مین ڕۆژی دووریت
هە ستم بەنا ئومێدی کرد
چوومەوە ژێر دارکەمان
دە ستم نەچوو هیچ بنووسم
دڵم نەهات چاو لەلە شی دارەکەم بکەم!
سی ڕۆژی دووهە م تێپەڕی و سی ڕۆژێک ماوە بتبینم
شەست و یەک ڕۆژ
شەست و دوو ڕۆژ
ئەی دۆست
ڕۆژی شە ست وحەوتی دووریت
هەستم بەنا ئومێدی کرد
نەچوومەوە لای دارەکە،
بەڵام دەنگت دەلاقەی هیواکانم بوو وا بەهاوار لەگوێمدا دەزرینگاوە:

(سێ دانە سی ڕۆژ ببژێرە،من دەبینی)
بیست و سێ ڕۆژ مابوو بتبینم!

ئەی دۆست!
نازانم بۆ نەهاتیەوە

قوتابخانە کرابوونەوە ومن
هەر ترسم بوو
ڕۆژێک لەڕێوە دەمدزی

ئەی دۆست، چوومە زانکۆو
ئێستا ژمێریاری فێر بووم

سێ دانە سی ڕۆژ هێشتا پێموایە کۆتایی نەهاتووە

بۆ
من خراپم بژاردوە...

ئەی دۆست، ئەمڕۆ چوومەوە بەندەرەکە
لەژێر دارەکەدا، نیگام دەبڕییە نیگای نادیارت و دەگریام!.
ئەو گریانە، دەڵێی بۆتە هاوڕێیەکی باشم،
لەسەر لەشی دارە پیر و بێ چارەکەی وا شاهیدی دەنگە دەنگی فرمێسکم بوو
لەلای(دۆست)نووسیم:

ئاخر تۆ کەی دێیتەوە تا ماچم بکە ی؟!

2015/5/28
بۆکان
ژاکا